ساڵح موسلیم: سەرکردەکانی پەکەکە بانگەوازەکەی ئۆجەلان بە چەك دانان جێبەجێ ناکەن



ساڵح موسلیم، ئەندامی دەستەی سەرکایەتی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پیەدە) ڕایگەیاند، سەرکردەکانی پەکەکە بانگەوازەکەی ئۆجەلان بە چەك دانان جێبەجێ ناکەن، بەبێ دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی وردە، دەشڵێت، "ئێگەر هەڵگرتنی چەک نەمان ئەوا دایدەنێین، بەڵام هێشتا پێویستمان بە چەک هەیە".

ساڵح موسلیم، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە لێدوانێکدا لەبارەی پەیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان، هەبەری زێندانەکەیاوی پەکەکە لە بارەی چەکدانانەوە ڕایگەیاند، "سەرکردەکانی پەکەکە بانگەوازەکەی ئۆجەلان جێبەجێ ناکەن، بەبێ دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەیەکی وردە لە ئەنجامەکانی. هەروەها دەبێت چاوەڕێی بەیاری کۆنگرەی پەکەکە بکەین بۆ ئەو مەبەستە".

ئاماژە بەوەشکرد، "ئێگەر هەڵگەمان پێبدرێت کاری سیاسی بکەین، پێویست بە چەک ناکات، ئێگەر هەڵگرتنی چەک نەمان ئەوا دایدەنێین. بەڵام ئەمە هێشتا پێویستمان بە چەک هەڵگرتن هەیە، لەگەڵ دوبارەبوونەوەی هێرشەکانی تورکیا".